# بۆچی فەلسەفە بخوێنین

هەولێر - 2009

**پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەددین و دەزگای موکریانی**

2

**ناوی کتێب: بۆچی فەلسەفە بخوێنین**

**نووسینی: نەوزاد جەمال**

**سەرپەرشتیی پرۆژە: ڕێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)**

**سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: دلێر سادق (دەزگای موکریانی)**

**نەخشەسازی ناوەوە: هاوڕێ ساڵح**

**بەرگ: ئاسۆ مامزادە**

**ژمارەی سپاردن: (951)**

**تیراژ: (1000) دانە**

**چاپی یەکەم: (2009)**

**نرخ: (1000) دینار**

**چاپخانە: چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)**




"ئەوانەی کەمترین لە بارەی فەلسەفەوە دەزانن، زۆرترین رایان دەربارەی و شتەکانی دیکە هەیە!"

"لە دوو حاڵەتدا پێویستە مرۆڤ فەلسەفە بخوێنێت، کاتێك گەر بیەوێت فێربێت، کاتێ گەر بیەوەێت فەلسەفە رەتبکاتەوە"

# ناوەڕۆک

ناوەڕۆك ........................................................................ 5
وتەیەك: بەهانەی نووسینی ئەم نامیلکەیە ............................. 9
دەستپێك ........................................................................ 11
واتای فەلسەفە لە باتی پێناسەکردنی .................................. 11
سیحری فەلسەفە ............................................................. 16
پارادۆکسی پرسیار و پێناسەکە ........................................... 18
سەرتاپاگیری فەلسەفە: فرەزۆری کایەکانی ............................ 21
خۆدەربازکردن لە وەڵام: فەلسەفە بریتییە لە هیچ .................... 23
فەلسەفە دانوستانە ........................................................... 26
فەلسەفە لەسەر سامییەوە بۆ گەڕانێکی ریشەیی ........................ 27
بۆ فەلەسەفە بخوێنین لە باتی فەلەسەفە بۆ؟؟ ......................... 28
ناوەختی کورد بۆ فەلەسەفە ................................................ 29
فەلەسەفە گەشتە بۆلای هاودەنگێکی خۆمان ............................ 31
ئەنجام ............................................................................ 37
سەرچاوە و پەراوێزەکان ..................................................... 39

## وتەیەك: بەهانەی نووسینی ئەم نامیلکەیە

هەموو نووسینێك بەهانەیەك یا زیاتری پێیە تاوەکو بێتە بوون. بەهانەی نووسینی ئەم نامیلکەیەش پێش هەموو شتێ خواستی خۆم بوو، کە بە زمانێکی سانا و ساکار (گەر توانیبێتم) هەولێك بۆ روونکردنەوەی واتای فەلسەفە بنووسم. دیارە فەلسەفە گەرچی ئاڵۆز دێتە بەرچاو، بەڵام دەشکرێ بە زمانێك بنووسرێ کە زۆرێك بتوانن تێبگەن. بیرۆکەی نووسینی ئەم سەرەتایەش لە نیازێکی تایبەتەوە هاتووە، کە لە داهاتوودا بەتێروتەسەلی لەسەر فەلسەفە بنووسم، بەڵام بە هۆی ئەوەی بەشی فەلسەفە ئەمساڵ دەرگای بەڕووی فەلسەفەخوازانی کوردا کردەوە، جۆرە پێویستییەك هەبوو کە شتێك لەمەڕ فەلسەفەوە وەك بەرچاوڕوونی و رێ نیشاندەرێ بۆ فێرخوازەکان هەبێت. هاوکات ئەم نووسینە و ئەوانی تریش کە بەشێکن لە زنجیرەکانی بەشی فەلسەفە، دەخوازن فەلسەفە وەك کایەیەکی ئەکادیمی لە دونیاو زمانی کوردیماندا رۆبنێن و بەشدارییەکی خاکیش بکەن لەو بوارەدا. هەڵبەت من هەردەم سڵم لە نووسینی بابەتێکی وەها لە بارەی فەلسەفەوە کردۆتەوە. چونکە ئەم جۆرە نووسینە جۆرێك لە سادەکردنەوە و کورتکردنەوەی فەلسەفەی تێدایە لەبەر خاتری خوێنەر، بەتایبەت ئەوانەی سەرەتان لە خوێندنەوەی فەلسەفەدا. گەرچی مەرجیش نییە هەموو نووسینێکی فەلسەفی ئاڵۆز و بە زمانێکی داخراو بۆ کەسانی پسپۆڕ بنووسرێت. بۆیە من بەهانەی ئەم نووسینەم بۆ رەخساو هیوادارم کەمترین هەڵەم تێدا ئەنجام دابێت.

**نەوزاد جەمال**

**هەولێر**

2009 -01 -22

## دەستپێک

لە راستیدا، لەم سەردێرە زەقەدا "بۆ فەلسەفە بخوێنین"نەك یەك پرسیار، بەڵکو بەجارێك چەند پرسیارێك کۆدەبنەوە. چونکە پێش ئەوەی وەڵامی ئەوە بدەینەوە کە بۆ فەلسەفە بخوێنین، پرسیارێکی تر بەرەو رووومان دەبێتەوە: ئاخۆ فەلسەفە چییە تاوەکو بیخوێنین؟ دواتر پرسیارێکی دیکەش دەستەویەخەمان دەگرێتەوە: چۆن فەلسەفە بخوێنین و لە ژیانی رۆژانەماندا پراکتیزەی بکەین؟

دیارە هەر یەکێك لەو پرسیارانە، یەك دوو پرسیاری لاوەکییان لەهەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە، کە شیاوی لێوردبوونەوەن. هاوکات لەم پرسیارانەوە راستییەکمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرەتای کارکردنی فەلسەفی بەپرسیار دەستپێدەکات. ئاشکرایە کە پرسیارکردنیش هەم چالاکیەکی رۆژانەیە و هەم تیۆرییشە کە مرۆڤی هۆشیار دەیکاتە دەستپێکی بیرکردنەوە و پاشان کردەوەکانی لە ژیاندا. واتە پێش ئەوەی کارێك ئەنجامدەین، دەبێت پرسیار لەسەرچیەتی و چۆنیەتی بکەین، پاشان بەجێی بهێنین.

## واتای فەلسەفە لە باتی پێناسەکردنی

گەرچی پرسیاری فەلسەفە چییە، پرسیارێکی سادەیە، وەلێ پرسیارێکە تورماندەداتە نێو قوولاییەکانی فەلسەفەوە، چونکە فەلسەفە داهێنانی ئەمرۆکە نییە. ئەگەر بە زمانێکی ساکار وەڵامی



پرسیارەکە: "فەلەسەفە چییە"، بدەینەوەو بێ ئەوەی بچینە نێو مشتومڕیی وەڵامی رێبازە فەلسەفییە جیاوازەکانەوە، دەتوانین بڵێین فەلسەفە وەك پرۆسەیەکی هۆشەکی **بریتییە لە چالاکییەك کە سەرقاڵە بە داڕشتنەوەی پرسیار و بیرکردنەوە بە زمانێکی چڕوپڕی نائاسایی لە هی رۆژانە**. بەڵام بۆچی زمانی فەلسەفی لەهی رۆژانە جیاوازترە؟ ئەمەش لەبەرئەوەی کاتێك کە زمانی بیرکردنەوە قووڵبونەوەی تێدادەکرێت یاخود بیرکردنەوەیەکی ریشەیی تێدا ئەنجام دەدرێت، زمان وەك ئامێرێکی هزر بەکارنایەت. چونکە لەفەلسەفەدا زمان وەك ئامێرێك مامەڵەی لەتەکدا ناکرێت، بەڵکو زمان بیرکردنەوە خۆیەتی (دیارە لە فەلسەفەی زماندا زێتر تیشك دەخرێتە سەر ئەم دیدە کە  بە دیدی ڤیتگنشتاینی دەناسرێت).

کەواتە داڕشتنەوەی سەرلەبەری بیرکردنەوەو بۆچوونەکان و سەرلەنوێ کردنەوەی پرسیارەکان و نۆژەنکردنەوەی زمانی بیرکرنەوە، سەرقاڵییەکە. باشتر بڵێین خۆخەریکردنێکە کە دەشێت ناوی لێبنێین "سەرقاڵی  یا خەریکبوونە بەفەلسەفی"، واتە فەلسەفەکاری[1].

یەکێك لە هۆکارەکانی تر کە فەلسەفە و زمانی فەلسەفی جیاوازە، ئەوەیە کە چالاکیەکی باڵای هزرییەو بیرکردنەوەو داڕشتنی تایبەتی خۆی هەیە. بێگومان باسکردنی چالاکییەکە کە فەلسەفەیە ئاسانترە لە پێناسەیەکی گشتگیر و تێروپڕ بۆی. هەربۆیە پێناسەکردنی فەلسەفە کارێکی ئاسان و خواستراویش نییە. ئیدی ئەم چەند دێرە کە لێرەدا هاتوون، بە هیچ کلۆجێك هەوڵدان نییە لە بۆ

پێناسەکردن. چونکە پرسیاری فەلسەفە چییە، پرسینە لە چییەتی فەلەسەفە. ئێمەش بە ئاسانی و یەك وەڵام ناتوانین بڵێین کرۆك و ماکی فەلەسەفە کامەیە و چییە بێ ئەوەی ناهەقی بەرامبەر بەرفراوانی فەلەسەفە نەکەین!

لەم رووەوە هەوڵ ئەدەم بە کورتی چەند دێرێك سەبارەت بە چییەتی و رۆل و ئەرکی فەلسەفە بنووسم. جارێکی تر دەتوانین بلێین: فەلسەفە لێکدانەوەیەکی هزری رەخنەییە کە لە بنەڕەت و بنەماکانی زانین و راستی دەکۆلێتەوە لە رێی بەڵگەو سەلماندنەوە بڕیار و هەلسەنگاندن ئەنجام ئەدات بەپێی کۆمەلێك پێوەر و میتۆدی کارکردن، واتە، بڕیار لەسەر راستی و دروستی بە پێی میتۆدی بیرکردنەوە و پێوەری تایبەت بەخۆی دەدات.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە فەلسەفە بابەتێکی تیۆرییی و هزرییە، ئامادەییەکی رەوشتیشە کە دەبێت وا لە مرۆڤ بکات بە چاوێکی کراوەو دوور لە دەمارگیری و لوتبەرزییەوە لە دەوروبەر و رووداوەکان بڕوانێت. هەروەها لە سەرەوەڕا و لە سەرووی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە لێپێچینەوە لە دیاردەو هەڵسوکەوتەکان ئەنجام بدات. واتە بابەتیی و دوور لە بەرژەوەندی خۆی لێکدانەوەو لێکۆڵینەوە بکات. سەرەڕای ئەمەش ئەوەی خەریکی فەلسەفە بێت، دەبێت مێشك و هزرکراوەو سنگفراوان بێت لە بەرامبەر بۆچوونە فەلسەفییەکانی تر و دووچاری دۆگما و چەقبەستن نەبێت لەسەر یەك



بیروڕای و بۆچوونی فەلسەفی. پاشان نەترسان لەبەرەو رووبوونەوەی گرفت و کێشەکانی ژیان لە پێناوی بەهای راستی و دروستیدا(2).

ئیدی فەلسەفە هەولۆتەقەلایەکی ئەقلانی و ژیرانەو دانایانەیە کە مرۆڤ دەیەوێت لە رێگەوەی بە هەقیقەتێك بگات. بە دەربرینێکی تر: فەلسەفە واتا پرسیارکردن و بیرکردنەو تێیرامان و هەڵسوکەوت بە پێی ئەوەی بیری لێکراوەتەوەو یاخود دەبێت بیری لێبکرێنەوە. بۆیە کۆمەڵێك بابەت و پرسیاری سەرەکی هەن کە فەلسەفە بە وردی وەستیانە تاوتویان دەکات وەك: من چیم و چی دەتوانم و چۆن هەڵسوکەوت بکەم؟ بەهای باشە و چاکەخوازی چییە (کە ئەمانە لە ئیتیکدا (تیۆری رەوشتدا) قسەی تێروتەسەلی لێوەدەکرێت) ؟ پرسی داوەری چییە و دەوڵەتی رەوا کامەیە (تایبەتە بە فەلسەفەی سیاسی و کۆمەلایەتی)؟ یاخود راستی و بابەتیبوون چییەو هەروەها چۆن دەتوانم بزانم سنووری زانین تاکوێیە، چۆن تێبگەم لە ژیان (لە فەلسەفەی زانستدا وەلام دەدرێنەوە)، بەهای جوانی چییە (کەلە ئێستاتیکا-فەلسەفەی جوانی و هونەردا تانوپۆ دەکرێ)؟ هتد...

کەواتە فەلسەفە لە پرسیارکردن و بیرکردنەوەوە دەستپێدەکات، بۆیە گەر شیاو بێت، دەتوانین بڵێن فەلسەفە وەرزشێکی ئەقلانییە کە فێرمان دەکات چۆن بیربکەینەوەو بگەینە وەلام بە بەلگە و سەلماندنی ژیربێژیانە. بە دیوێکی تردا فەلسەفە فێرمان دەکات کە مرۆڤ نابێت نەزانی و نەزانین بکاتە بەلگەو رەوشێك بۆ ژیان. چونکە بۆ گەیشتن بە راستییەکان زانست و زانیاری پێویستە، نەك باوەڕ یا خەیاڵ. ئیدی

نابێت نەزانی و نەزانین و بۆچوونی بێ بنەماو بناغە ببێتە سەرچاوەی بیرکردنەوەو رەفتارکردن. هەربۆیە ئەوەی بەباشی بزانێت، بەباشی رەفتاریش دەکات، هەروەك سۆکراتی مەزن دەڵێت "زانین واتا کردەوەی باش". کەواتە مەبەست لە فەلسەفە بە واتایەکی تریش، راستی و دروستی شتەکانە و رەفتارکردنە بەوەی شیاوتر و باشترینە بۆ مرۆڤ.

لێرەوە فەلسەفە هونەرێکە یاخود هونەری ژیانە. واتە مرۆڤ بەبیرکردنەوەو هۆشیاریی رەفتار لەگەڵ دەوروبەر دەکات، کوێرانەو نەزانانە هەنگاو نانێت. واتە بیردەکاتەوە ئینجا دەجووڵێت، تێدەگات و پرسیار دەکات، ئنیجا بڕیار دەدات. کەواتە فەلسەفە سوودبەخش و پێویستە بۆ مرۆڤ. چونکە دەشێت هەر کەسێ خۆشەویستی دانایی و زانینی هەبێت، رەفتاری خۆشەویستانەشی لێ بکەوێتەوە بۆ خۆی و هاومرۆڤەکانی. ئەمەش هونەرێکە بۆ ژیان کە فەلسەفە فێرمان دەکات چۆن بیربکەینەوەو بزانین و هەڵسوکەوت بکەین، هەروەها فێریشمان دەکات چۆن بجووڵێینەوە و چۆن باش بین لەگەڵ هاومرۆڤەکاندا !

دیارە ئەمە سوود و بەهایەکی پراکتیکی فەلسەفەیە کە دەیبەخشێت بەوانەی پراکتیزەی دەکەن. هاوکات بەهای تیۆریشی ئەمەیە کە فەلسەفە تیۆری بەهاکانە کە بە شێوەیەکی لۆجیکی گەڕانە بە دوای بەهای راستیدا. راستیش بە تەنها لە پێناو خودی خۆیدا نییە، بەڵکو لە بۆ کەڵك و خزمەتی مرۆڤەکانە. وەك چۆن لە فەلسەفەی جوانیدا گەڕان بە دوای بەهای جوانی و جوانی هونەری



بابەتی سەرەکیین[3] ، واتە پرسگەلێکی ئێستاتیکیشن، بەڵام کاریگەریشیان هەیە لەسەر پێشکەوتنی هونەر.

## سیحری فەلسەفە

"ئەوانەی کەمترین لەبارەی فەلسەفەوە دەزانن، زۆرترین رایان دەربارەی و شتەکانی دیکە هەیە"!

ئەم وتەیە دەرخەری راستییەکە کە من بە سیحری فەلسەفەی دەزانم. چونکە سەرەڕای ئەوەی فەلسەفە خۆی لە تاقە پێناسەیەك بەدووردەگرێت، هێشتا هەر کاریگەری زێترە لەسەر هۆش و بیرکردنەوەمان. بۆیە کاتێك ناوی فەلسەفە دەبرێت، کاردانەوەیەکی یەکسەر و راستەوخۆ لە هۆش و خولیاماندا دێنێتە ئاراوە. بەتایبەت کاتێك وا هەستدەکەین کە دەزانین فەلسەفە چییە و باس لەچی دەکات، لە کاتێکدا زانست و تێگەیشتنێکی فەلسەفی ئەوتۆمان نییە، چونکە یەك پێناسەمان نییە بۆی، وەلێ لافی زانینیشی لێدەدەین!

وازانین (واتە وا دەرخستن کە دەزانیت) فەلەسەفە چییە، بۆخۆی زانینێك نییە. بەڵکو لە باشترین حاڵەتەدا رایەکە یاخود بۆچوونێکە، بەڵام بێ بنەما. هەبوونی راوبۆچوون کە فەلسەفە چییە، فەلسەفە نییە، بەڵکو لەسەر فەلسەفەیە کە دەشێت راست یا چەوت بێت. یەکەم شتێ کە فەلسەفە فێرمان دەکات، زانینی سنوور ورادەی زانینی خۆمانە. بۆیە ئەو کەسەی رادەی زانینی فەلەسەفی خۆی

نەزانێت، ناتوانێت لەفەلسەفە تێبگات و فێریشی بێت، چونکە لافی زانین بۆ خۆی رێگرێکە لەبەردەم چوونە ناو فەلسەفەوە.

ئیدی کە دەڵێین فەلەسەفە، واتە سەرەتای دارِشتنەوەی بیرکردنەوەو تێڕوانینەکان لە قالّبی چەمك و تێگەی تایبەتداو دواجار دەستپێکردنی پرسیار و دامەزراندنی مشتومڕ، بۆ خۆی گێڕانەوەی هزر و ئاوەزمانە بۆ خالّی سفر: واتە دەستپێکردن لە هیچەوەڕا (لە نەزانینەوە)! دیارە سۆکرات وەك "یەکەم مامۆستای فەلسەفە" باشتر گوزارش لەئەمە دەکات کە دەڵێت "من دەزانم کە نازانم". واتە، فەلسەفە لە زانینی نەزانی خۆتەوە، چونکە نەزانین پاڵنەر و هۆکارێکە بۆ فێربوونی فەلسەفی، نەك نەنگی و شەرمەزاری. نەزانی ئەوەیە کە مرۆڤ لافی زانین لێبدات بێئەوی بەخۆی بزانێت!

لێرەوە گەر یەکێك لافی فەلسەفە لێبدات، بێ ئەوەی مەراقی فەلسەفی و پرسیارکردن و تێڕامان گەیشتبێتە ئاستێکی نائاسایی(بەرز)، کەوتۆتە بەر سیحری فەلسەفە، نەك رادەی تێگەیشتن لە فەلسەفە. ئەگەر بمانەوێت و نەمانەوێت فەلسەفە بەدرێژایی مێژوو وەك مەتەڵێکی تەلیسمییانە سەیرکراوە، چونکە بە ئاسانی خۆی نەداوە بەدەستەوە! واتە هەر کەسێك بیەوێت تێبگات، دەبێت خەیاڵ یا بۆچوونی پێش وەختی نەبێت کە فەلسەفە چییە، بەڵکو خۆی بهاوێژێتە نێو دەریای فەلسەفەوەو لەگەڵ فەیلەسووفەکاندا مەلەبکات لە قوڵاییدا ئەگینا هەر لە سەرەتادا، لەتەنکاییدا دەخنکێت. بۆیە هەردەم فەلسەفە دوو رێگا، ئیختیاری خستۆتە بەردەممان: یا دەچیتە قووڵاییەوە ئینجا تێیدەگەی، یا



دەگەڕێتەوەو لێی دەسڵەمێتەوە لەبەرئەوەی فەلسەفە ئاڵۆزە، چونکە هزرو ئەندێشە ماندووکەرە!

هەربۆیە دەشێت پرسینی فەلەسەفە چییە، هەم لەنەزانییەوە، هەم لە زانایشەوە بێت. ئیدی گەرچی پرسیارەکە ساکارو ساناش بێت، قووڵ و ماقوڵیشە. هەروەها پرسیارەکە لە مافێکەوە سەرچاوەدەگرێ کە مافی زانین و تێگەیشتنە بۆ هەموو مرۆڤێك. وەلێ پرسیارەکە هەڵگری کۆمەڵێك ئاڵۆزیی تیۆری و میتۆدییە بۆ کەسێ تازە دەستبداتە فەلسەفە. لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارەکە ئاوسە بە پارادۆکس (دژبەیەك) چ لە کاتی وەڵامدانەوە، چ لە کاتی کردنی پرسیارەکەدا، وەك لە خوارەوە باسی لێوەدەکەین.

## پارادۆکسی پرسیار و پێناسەکە

پارادۆکسی(دژوازی) یەکەمی پرسیارەکە ئەوەیە کە گشتیگیرەو هاوکات فرەوەڵامە، لە کاتێکدا ئێمە بەدوای "یەك" وەڵامدا دەگەڕێین. کەواتە بۆئەوەی وەڵامێکمان دەستبکەوێت، دەبێت پرسیارەکەش بەرتەسك بکەینەوە. سەرەڕای ئەمەش دەبێت پرسیارەکە لە گشتاندن و هەمەلایەنی دەربکرێت، واتە دەبێت پرسیارەکە کۆنکریتتر (دەستنیشانکراوتر) بکرێت لەباتی ئەوەی بە رەهایی و گشتی بوترێت فەلسەفە چییە[4]. دەشێت ئێمە بپرسین فەلسەفەی نیتچە، هیگڵ یا سارتەر چییە، نەك بە گشتی هەموو فەلسەفە چییە[5].

پارادۆکسی دووەم، ئەوەیە کە ئێمە بە هۆی پرسیارەکەوە دەچینە دەرەوەی فەلسەفە[6]. واتە کاتێ کە دەپرسین فەلسەفە چییە، بەپرسیارەکە دەکەوینە دەرەوەی فەلسەفە خۆی، لە کاتێکدا پرسیار لە ناوەڕۆك و چییەتی فەلسەفە دەکەین. سەرەڕای ئەوەی پرسیارەکە لە نەزانینەوە دەکرێ، بەڵام سەرچاوەی نەزانی ئەوەیە کە چاوەڕێی یەك وەڵامی سادەو هەم پڕ بەپێستی بابەتەکە دەکات. لە کاتێکدا پێناسەکردن بۆ خۆی کێشەیەکی فەلسەفییە تاڕادەی ئەستەمێتی!

ئیدی پرسیارەکە، پرسیارکەر فڕێ دەداتە دەرەوەی کایەی فەلسەفە، یا بۆ بوارێك راپێچی دەکات کە ئەنترۆپۆلۆجیای فەلسەفەیەو بەفەلەسەفەناسی دادەنرێت. یا پرسیارەکە پەلکێشمان دەکات بۆ گێرانەوەی مێژووی فەلسەفە، لە کاتێکدا فەلسەفە خۆی مێژووی خۆیەتی، نەك بەوەی مێژووی بۆ بنووسرێتەوە. پاشان دەبێت لە راستییەکیش تێبگەین کە لەفەلسەفەدا پرسی "وەڵام" هێندەی "پرسیارکردن" بەکێشەو گرنگیش نییە، بەڵکو وەدەستخستنی وەڵامی ئامادەو ساغ و سادە تەواو پێچەوانەی فەلسەفەکارییە. چونکە ئاشکرایە کە فەلسەفە پێویستی بە هەناسەیەکی قووڵ و بیندرێژی هەیە لە بیرکردنەوەو تێڕاماندا. چونکە فەلسەفە مرۆڤ وەك گیانەوەرێکی پرسیار وورووژێنەر و پرسیار دامەزرێنەر دادەنێت، وەك لەوەی کەسێك ئالودەی داتاشینی وەڵام بێت. دەکرێت لە فەلسەفەدا هەندێك بەکراوەیی، واتە بێ وەڵام بەجێ بهێڵرێت. چونکە ئامانجی فەلسەفە دروستکردنی باوەڕ نییە. لەبەرئەوەی باوەڕکردن بەوەڵام دۆگما بەرهەمدەهێنت.



پارادۆکسی سێهەم ئەوەیە "مرۆڤ ناتوانێت ئەم پرسیارە ئاڕاستە بکات، گەر واهەست نەکات کە بە شێوەیەك لە شێوەکان فەلسەفە چییە"[7]. واتە کردنی پرسیارەکە گەمەیەکی زمانەوانی تێدایە، کە دەزانیت چییەو دەشیکەیت پرسیار لەبەرئەوەی وەڵامی حازربەدەستت پێیە. لێرەوە پرسیارەکە دەمانخاتە نێو بازنەیەکەوە: باشە گەر فەلسەفە بە واتایەك پرسیار بەرهەمهێنان بێت، بۆ خۆی(فەلسەفە) پرسیار ناکات کە بۆچی پێناسەیەکی لەبۆ خۆی پێ نییە؟

ئەمە پرسیارێکی دیالێکتی(پێکدژییە). واتە پێچەوانەکردنەوە دژایەتیکردنی فەلسەفە لەڕێی هەڵگێرانەوەی پرسیارەکە. لەلایەکی دیکەوە پرسیارەکە خۆدووبارەکردنەویەکە کە فەلسەفە بە ئاقارێکی دیکەدا دەبات لەباتی ئەوەی خەریك بێت بە بوون و دیاردەکان. ئیدی فەلسەفە یەك وەڵامی پێ نییە بۆ ئەو پرسیارە سادەیە. بەڵام بۆچی دەبێت مرۆڤ هەر ئەو پرسیارە بکات و هاوکات وەڵامی بۆی نییە؟ بۆ نموونە لە دیدوبۆچوونی فەلەسەفەی مارکسیزمدا وتراوە "مرۆڤایەتی پرسیارێك ناکات گەر نەتوانێت یاخود توانای وەڵامدانەوەشی نەبێت ". دەی بۆچی ئێمە ئەم پرسیارە (فەلسەفە چییە) لە فەلسەفە بکەین؟

بێگومان وەڵامدانەوەی پرسیارەکە هەر بەوەشەوە ناوەستێت کە فەلسەفە ئەمەیە یاخود ئەوە. چونکە بە رستەیەك کۆتایی بە ماخۆلانەکە، مەراقی (وەڵامەکە) نایەت. لەبەرئەوەی تۆ هەرچییەك لەبەرامبەری پرسیارەکەدا دابنێیت، پرسیاری دیکە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و شتی دیکەش بەدوادادێت. بۆ نموونە کاتێك دەوترێت

فەلسەفە واتا: خۆشویستنی دانایی، یا ڕەوشتبەرزی و چی و چی. راستەوخۆ پرسیاری دیکە لە کەواندا ئامادەیە کە ئاخۆ دانایی و ڕەوشتبەرزی چییە. لێرەوە وەڵام دەبێتەوە بەزنجیرەیەك پرسیاری تر!

ئیدی لەباتی ئەوەی بپرسین فەلسەفە چییە، باشتر وایە وەك فێرخوازێکی فەلسەفە بزانین فەلسەفە چی ناگرێتەوەو لەچی جیادەکرێتەوە. چونکە بەمە باشتر دەتوانین بڵێین کامە فەلسەفەیە یاخود فەلسەفییترە. واتە جوێکردنەوەی لە هەموو بوارو کایەکانی تری زانست و بیرکردنەوە ڕێگایەکی ترە بۆ تێگەیشتن لێی. بەم شێوە ئێمە پێناسەیەکی نەگێتیڤی دەبەخشین بە فەلسەفە لە ڕێی هەڵاواردنی، لێکئالاکردنەوەی لە کۆی کایەکانی تری زانین. دواجار بەمە پلەو ئاستێکی تایبەت دەدەین بە فەلسەفە لەچاو بابەتەکانی دیکەداو هەم دەرخستنی پایەی زانستەکانی تر.

## سەرتاپاگیری فەلسەفە: فرەزۆری کایەکانی

یەکێکی تر لەو مەسەلانەی داخۆ بۆچی پێناسەیەك ئەستەمە بۆ فەلسەفە، سەرتاپاگیری و گشتگیری بوارەکەیە. ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ زۆری و فرەیی لق و بەشەکانی فەلسەفە وەك: فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئیتیك، میتافیزیکا، لۆجیك، ئیپستیمۆلۆجیا، فەلسەفەی زمان، فەلسەفەی کولتوور و ئێستایکا، هتد..(کە بە پێی بەرنامەکانی خوێندنی زانکۆکان لە هەندێك وڵات پۆلێنکراوە).



بۆیە ئەو تەوەرانەی فەلەسەفە قسە و باسیان لەسەر دەکات پانتاییەکە زۆر لە ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، بەمەش فەلسەفە خۆی دەبەستێتەوە بە کێشە و گرفتەکانی ژیانەوە. نەك تەنها بەوەی ئاماژەیەکیان پێ دەدات و بەس بەڵکو بەشدارییەکە لە ڕێی دانوستان و دوان و پرسیاری جدییەوە لەسەر بابەتگەلی گرنگ. لەبەرئەوە زێدەڕەوی نییە گەر بڵێین: **فەلسەفە باس لە هەموو شتێك، کایەیەکی ژیان دەکات، بەڵام هەموو شتێکیش فەلسەفە نییە بەدیاریکراوی!** چونکە فەلسەفە کایەیەکە بۆخۆی و سەربەخۆیە لە کایە زانستییەکان، ئەگەرچی رایەڵێك لە پرسیار و توێژینەوە لەتەك بابەتەکانی تردا دروست دەکات.

گەر بمانەوێت فەلسەفە دابەش بکەین بەسەر دوو شێوازی سەرەکیدا، ئەوا دەکرێت ئەمە بێت:

1. **تیۆری:** کە لقەکانی وەك میتافیزیکا، لۆجیك و زمان و ئێستاتیکا و ئیپستیمۆلۆجیا بەشێکن لە لقە تیۆرییانەی کە بۆ نموونە باس لە دروستی و راستی دۆزینەوە و سنوورەکانی زانین دەکەن.
2. **پراکتیکی:** کە فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئیتیك(ئاکارناسی) لقێکی پراکتیکین، چونکە بایەخ بە هەندێك پرسیارو باسوخواسی وەك کردەوەی باش، داوەری و چی و چی دەکەن.

ئیدی لەبەرئەوەی فەلسەفە بۆ خۆی وەك كایەكی گرنگ فرەلقە، چونكە بایەخ بە چەندین بابەتی جۆراوجۆر ئەدات، هەندێك سیفەت و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، كە جیای دەكاتەوە لەكایەكانی تری زانین:

1. گشتیگری و فرەیی بابەت و پرسیارەكانی.
2. قوڵبوونەوە لە لێكدانەوەو توێژینەوەدا.
3. رووپێوێكی گشتی و بەرفراوانی بابەتەكان دەكات.
4. گەڕان بە دوای هۆكارە بنەڕەتی و بەراییەكاندا، واتە هۆكارە یەكەمینەكان لە بیركردنەوەدا. وەك ئەریستۆتالیس دەڵێت: فەلسەفە زانینی هۆكارەكانە، زانینی بوونە، واتە زانینی ئەوەی كە هەیە[8].

## خۆدەربازكردن لە وەڵام: فەلسەفە بریتییە لە هیچ

باشە هیچ رێگایەكی ترمان هەیە لە بەردەم هەژموونی پرسیارەكە؟ دەشێت هەوڵێكی تر بدەین: گەر هەر سووربین لە سەر واتاو لێكدانەوەیەك بۆ چەمكی فەلسەفە، ئەوا بەڕای من باشترین پێناسە ئەمەیە: فەلسەفە بریتییە لە هیچ، واتە هیچ شتێك لە دەرەوەی خۆی. گەرچی ئەو وەڵامە ساكارە تێرمان ناكات لە خولیای پرسیارەكە، بەڵام بۆ ساتێك ئاسوودەیی دەبەخشێت و رزگارمان دەكات لەسەر ئێشەی پرسیارێكی بێ وەڵام.

سارتەر لە شوێنێكدا دەڵێت: "فەلسەفە لای هەندێك ئەمەیە... و لای هەندێكی دیكەش ئەوەیە.... بەڵام من وای دەبینم فەلسەفە شتێكە كە بوونی نییە، ئێمە تاچەندیش مشتومڕی لێوەبكەین لە



شێوەی جیاوازدا ئەم سێبەرە (فەلسەفە)ی زانست و ئەم لوتكە بەرزەی ترۆپكی مرۆڤایەتی هیچی تێدا نابینینەوە، هیچ ناگرێتەوە جگە لە داماڵین-تجرید- لەسەر داماڵین (تیۆری ئەبستراكت)، لەبەرئەوەی لە راستیدا زیاتر لەیەك فەلسەفە هەیە[9].

لێرەدا بۆچوونەكەی سارتەر لە جێی خۆیدایە. چونكە گەر بوترێت فەلسەفە بریتییە لە سۆراخكردنی راستی، ئەوسا دەبێت پێناسەیەكی گشتگیریش بۆ چەمكی راستی بدۆزینەوە، لە كاتێكدا دانانی یەك وەڵام بۆ ئەمە جۆرێكە لە داڕشتنی ئایدۆلۆجیایەك كە دووچاری دۆگمامان دەكات، چونكە ئەم پێداگیریە لە كردنی پرسیاركە هێندەی وەڵامێك بەلایەوە گرنگە، هێندە پرسیارەكەی لا بایەخدار نییە.

ئیدی وەرگرتنی یەك وەڵام جۆرێكە لە باوەڕهێنان و قایلبوون كە دەشێت ئایین یاخود بیروباوەڕی نافەلسەفی ئەمە بكات. دیارە هەر فێرگەو ریبازێكی فەلسەفی وەڵامی جیاوازی لایە. وەلێ جیاوازیی وەڵامەكانیش بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی ئەمەیان راستە و ئەویدیكەش هەڵەبێت. چونكە وەڵامێكی هەر پرسیارێكی دیاریكراو لە راستیدا وەڵامی پرسیارێكی كۆنكریتو دەستنیشانكراوترە كە پێشتر كراوە[10].

پاشان فەلسەفە لە ژیانی زۆرێك لە فەیلەسووفەكاندا بەواتایەك بەكارهاتووە، بۆ نموونە لای هیگڵ فەلسەفە سۆراخكردن و بەرجەستەبوونی رۆحی رەهابێت كە هەمیشە لە جوڵە و پەیوەندییەكی دیالێكتیدایە لەگەڵ دەوروبەرداو رۆڵی هۆشیارییەكی رەخنەیی

دەبینێت. بە واتایەکی تر: فەلسەفە ڕەخنەگرتن و ڕەخنە بەرهەمهێنانە. وەلێ هەموو ڕەخنەیەکیش فەلسەفە نییەو فەلسەفەش بە تەنها ڕەخنەکاری نییە.

لە کاتێکدا پرسیاری سەرەکی بونگەرایی پرسیاری بوون-گێتیە- "چیەتی بوونی هەبووەکان" نەك شتێکی دیکە. بەمەش ئەمان وەڵامی پرسیارەکە نادەنەوە. بەڵکو شیفتێك (بازێك) لە خودی پرسیارەکەدا دەکەن. واتە لەباتی وەڵامی پرسیارەکە (فەلسەفە چییە) پرسیار ئاراستەی بوون دەکەن. یاخود -بوون- بە تەنها شایەنی پرسیارە لە فەلسەفەدا (بێگومان لای ئەوان).

هەربۆیە پرسیاری فەلسەفە چییە، پرسیارێکی ترسناك و مەترسی هێنەرە. نەك لەبەرئەوەی ناتوانرێت وەڵامێکی بۆ دابتاشرێت، بەڵکو وەڵام بۆ خۆی پەلکێشماندەکات بۆ قووڵایی فەلسەفە و لەوێشدا وێڵمان دەکات، چونکە لەباتی وەڵامێك سەدانمان بۆ قوتدەبێتەوەو بەلانی کەمەوە پرسیارە سەرەکییەکەی خۆمانمان لەیاددەچێت. لەبەرئەوەی وەڵامی پرسیارەکە زۆرجار ڕاپێچمان دەکات بۆ ناو مێژووی فەلسەفە، بەڵام پەڕینەوە لە مێژووی فەلسەفە بۆخۆی کارێکی ئەستەمە بێ ئەوەی نەکەوینە قووڵایی وەڵامەکانەوە. هەروەها بیرکردنەوەی فەلسەفی مشەخۆر و ئاسان بەدەست نییە تاوەکو بە هەڵدانەوەی چەند پەڕەیەکی مێژوو وەڵامێکی کتومتمان چنگ بکەوێت. ئەمەش یەکێکە لە سروشتە "ڕەقەکانی" فەلسەفە.



بۆیە دەڵێین فەلسەفە بریتییە لە هیچ، مەبەستمان لەوەنییە کە فەلسەفە هیچی نییە و پێ ناکرێ بۆ مرۆڤ، بەڵکو دەمانەوێت بە شێوەیەکی میتۆدی خۆمان لە وەڵامی پرسیارەکە دەربازبکەین، ئەگینا خودی پرسیارەکە نەمرە بەهێندەی نەمری فەلسەفە خۆی. بەواتایەی تر: تاقە وەڵامێك بۆ پرسیارەکە شتێکی ئەوتۆمان پێ ناڵێت لەبارەی چییەتی و ناوەڕۆکی فەلسەفە، بەڵکو سەرەداوێکە بۆ زێتر ڕۆچوون و خوێندنی فەلسەفە.

## فەلسەفە دانوستانە

“Philosophy as living performance”

**فەلسەفە وەك (هونەری) نمایشکردنی زیندوو**

لە بەرایی مێژوودا فەلەسەفە لە شێوازی دایلۆگ و دیالۆگدا لە دایك بووە. یا باشتر بڵێین: فەلسەفاندن لە دایلۆگ و دیالۆگدا بەرجەستە بووە. بەمەش فەلسەفە لە سەرینەی سۆکرات و سۆفیستەکان دا ئاخاوتن و وتوێژبووە نەك نووسین کە بە دیالێکتیك ناوزەدکراوە. ئیدی بە نووسینەوەی فەلسەفە، فەلەسەفە چووە ئاقارو زمانێکی ترەوە. واتا سەختی و ئاڵۆزی و لێکەوتەوە، چونکە چیتر زیندیی و بەراستەوخۆیی پراکتیزە نەکرا، بەڵکو نووسین بووە ئامێر و پردێك بۆ گەیشتن بە فێرخوزانی فەلسەفەوە.

لێرەوە یەکێکی تر لە واتا و ڕەهەندەانی فەلسەفە دیالۆگ و دانوستانە چ ڕاستەوخۆ لەرێی وتوێژەوە، چ بەنووسین لەسەر پرس و

کێشەکانی ژیان. ئەمەش یەك شت دەگەیەنێت کە فەلسەفە دووردەست و لە دەرەوەی ژیانی مرۆڤ نییە، بەڵکو لەناو کێشەو گەرمەی ژیانەوە پرسیاری جدی دادەمەزرێنێت و سەرنجمان بۆ لای پرسیار لەسەرنەکراو و بەڵگەنویستەکان بۆ دەوروژێنێت.

دەتوانین بڵێین کە فەلسەفە دانوستانە لە ڕێی بەکارهێنانی ئاوەزو هزرەوە چ لەگەڵ هاومرۆڤەکاندا، چ مرۆڤ لەتەك خۆیدا. واتە مرۆڤ دەکەوێتە سەودای دانوستان و وتوێژ نەك بەتەنها لەگەڵ ئەوانی تردا، بەڵکو لەگەڵ بیروبۆچوون و پرسیارەکانی خۆشیدا دەکەوێتە لێکدانەوەو بەخۆداچوونەوە. بەئەمەش فەلسەفە، واتە فێرکردنی چۆنیەتی بیرکردنەوەیەو دارشتن و هاوکات هەڵسەنگاندنیشی. لێرەوە دەتوانین ڕۆڵی فەلسەفە لە ڕوانگەی چییەتی بیرکردنەوە و چۆنییەتی دەربڕین و هەروەها ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی خۆی دیاری بکەین. ئەمەش ئەو لایەنە پەروەردەییە کە فەلسەفە کاری لەسەر دەکات و ڕاماندەهێنێت پێی.

## فەلسەفە لەسەر سامییەوە بۆ گەڕانێکی ریشەیی

هەڵبەت زۆربەمان بۆ ئەوەی لە کرۆکی فەلسەفە تێبگات، هەوڵدەدات لە واتا ئیتیملۆجییەکەوە (ڕەگەزناسی وشە)، زمانەوانیەکەییەوە کە خۆشەویستی داناییە تێبگات. وەلێ خۆشەویستی "کردەیەکی" پاسیڤە، لە کاتێکدا فەلسەفەکاری چالاکییەکە کە هزرو ئاوەز تێدا ئاکتیڤە، واتە فەلسەفاندن چالاکی بیرکردنەوەو تێرامان و دواجاریش بەدواچوونە.



بۆ ئەوەی بگەینە ڕاستی و چییەتی شتەکان، تەنها خۆشەویستی دۆزینەوەی ڕاستی بەس نییە. چونکە بە تەنها دەربڕینی ئەو هەستە نامان گەیەنێتە حەزلێکراو خۆشویستراوەکە. دەشێت خۆشەویستی هەنگاوێك بێت بۆچوونە ناو فەلسەفەوە، وەلێ لەوانەیە ئەو خۆشەویستییە بۆ کینەو ڕق هەڵبگەڕێتەوە، کاتێك حەوسەڵەی دەستکەوتنی وەڵام و حەزەکانمان نەیەنەدی.

سەبارەت بەوەی داخۆ فەلسەفە بریتییە لە خۆشەویستی دانایی، شتێکی ئەوتۆمان ناداتێ کە بۆچی هەمیشە هەر خۆشەویستی پاڵنەرێك بێت. بێگومان فەلسفە ئەو واتایە ناگەیەنێت (گەرچی ئەمە واتای زمانەوانی ڕەسەنی وشەکەیە)، چونکو وەك *هایدەگەر* دەڵێت:"مرۆ بە هەست و سۆزی جوان کاری باش، بەتایبەت ناتوانێت فەلسەفەکاری بکات"! ئەو وتەی نووسەر (*ئەندرێ گیدە*) دەکاتە شایەدی بۆچوونەکەی کە دەڵێت"مرۆڤ بە هەستی ناسك و جوان ئەدەبێکی خراپ بەرهەمدەهێنێت."(11)

## بۆ فەلەسەفە بخوێنین لە باتی فەلەسەفە بۆ؟؟

دەی باشە بۆچی فەلسەفە گرنگە، گەر وەڵامی تەواوی پرسیارەکەمان چنگ نەکەوێت و هەر بەحەز و خۆشەویستی نەتوانین تێیدا مەلە بکەین؟ یەکەم شت ئەوەیە کە دەبێت پرسیاری فەلسەفە بگۆڕین بۆ فەلسەفە بخوێنین. گەر فەلسەفە بەواتایەك وتوێژ و بیکردنەوە و تێهزرین بێت لە هەموو شتێك، ئەوا چالاکیی بیرکردنەوە

شتێکە پێناسە ناکرێت، چونکە دەتوانین وەسفی چالاکییەك بکەین، بێئەوەی بیخەینە چوارچێوەیەکەوە نەگۆڕەوە. ئیدی چالاکییەکە خوێندن و توێژینەوی فەلسەفییە کە بۆ مرۆڤی ئێمە پێویستە لەم سەردەمە پڕهات و نەهاتەدا.

فەلسەفە یەکێکە لەو زەرورەتە شارستانی و فەرهەنگیانەی کە ئاستی بیرکردنەوە و هزرمان بەهێز و پڕ پرسیارمان دەکات. هەروەها توانایەکی تیۆری و شیکاریمان پێدەبەخشێت کە نەك تەنها لە خوێندنی فەلسەفەدا بەکاریان بهێنین، بەڵکو لە هەموو زانست و دیسپلینەکان و کایەزانستییەکاندا بەکاربهێنین. ئیدی چۆنیەتی خوێندنی فەلسەفە تاڕادەیەك جیاوازە لە زانستەکانی تر، چونکە دەچێتە بازنەی بیرکردنەوەو تێرامان و پرسیارکردن و بەدواچوون و شیکردنەوەوە. فەلسەفە تێگەیشتن و تێهزرین و لێکدانەوەیە پاشان نووسین و خوێندنەوەیە.

## ناوەختی کورد بۆ فەلەسەفە

بۆ ئێستەی مرۆڤی کورد لەهەر کوێیەك بێ، سەرکردن بەناو کەژاوەی فەلسەفەداو خۆخەریککردن بە پرسیار و کێشە فەلسەفییەکانەوە، درەنگیی و ناوەختییەکی تەواو دەگەیەنێت، واتە درەنگ گەیشتن بەو میراتە دێرین و مەزنەی مرۆڤایەتی. چونکە ئێمە تازە بەتازە لە خەفڵەتی سەرگەرمی ژیانی رۆژانەمان رادەپەڕین و پرسیار دەکەینە کلیلی کردنەوەی درگا داخراوەکان. تازە ئێمە چاومان



لەو خەفڵەتەی نالەباری سیاسی سەپاندبووی بەسەرماندا چاومان هەڵدەگلۆفین و ئاسۆ دەبین.

دیارە ئەمە لەلایەکەوە بەئاگاهاتنەوەیە لەوەی کە لەبیرمان کردووە، لەوەی کە هێشتا پەیمان پێ نەبردووە. چونکە دونیای بیرکردنەوەمان تەنراو بووە بە پرسیاری مەترسیدار کە چەوسانەوەی بەدوی خۆیداهێناوە و هەڕەشەی ژیان و مان تێدا کاریگەربووە. کەواتە گەڕانەومان بۆ فەلسەفە، هاتنەوەمانە بۆ هەنووکەو ژێنی ئێستا. هەربۆیە کاتێك "ئێمە" خۆمان کۆدەکەینەوە بۆ داڕشتنی پرسیارەکان بە شێوەیەکی سیستماتیکی، واتە ئامادەشین بۆ سواربوونی شەمەندەفەری فەلەسەفە، ئەگەرچی دەشزانین لەهەمان کاتدا، شەمەندەفەرەکە لە دێرزەمانەوە لە گەڕدایەو هەر ساتەوەختێکی پێ خستنە ناویشییەوە ناوەخت و درەنگە بۆمان، چونکە لە رەو بەجێماو بووین!

لەلایەکی ترەوە، تازەچوونە ئەتمۆسفێری(بۆشاییی) فەلسەفەوە، ئامادەنەبوونی ئێمە دەگەیەنێت لە ساتی سەرهەڵدان و بزاوتنیدا. هاوکات نائامادەییە لە بەراییەکانی فەلسەفە و چەکەرەکردنی مەراقە فەلسەفییەکاندا. ئیدی ئاوەزی "ئێمە" لە کاتی داتاشین و دروستکردنی پرسیارە مەتەڵاوییەکاندا کە هەرگیز یەك وەڵامیان نییە، گورزی نەوەشاندووە. بەڵام هێشتا نەچووە گەرچی درەنگ پێی دەگەین.

هەربۆیە دەشێت بپرسین: داخۆ فەلسەفە کاتی دیاریکراوی بۆ هەیە؟ یا خۆی بەرهەمهێنەری ئانوساتی سەرهەڵدانی پرسیارەکانییەتی؟

لێرەدا دەکرێت فەلسەفە وەك هەڵوەستەیەك لە ژیان و لە هەموو ساتەوەختێکی مرۆڤدا هەبێت و خۆشی ببێتە جۆرە ژیانێکی واتاهەڵگر و پڕ لە تێڕامان و قوڵبوونەوەی ریشەیی لە کێشەی هاتنە بوون. بەم مانایەش درەنگ نییە، گەرچی زوو دەبێت بکرێ.

## فەلەسەفە گەشتە بۆلای هاودەنگێکی خۆمان

دیارە فەلسەفە لە دۆخی هەڵوەستە و سۆراخکردنی راستیدا دەبێتە شێوازێکی تری ژیان و بیرکردنەوە بۆیە دروستکەری ساتەوەختی گونجاوی خۆیەتی. لێرەوە سەرقاڵبوون بەفەلەسەفە و فەلسەفەکاری (نەك فەلسەفەلێدان) پەیوەستە بەخودی ئەو کەسەی کە پێوەی خەریکە. خەریکبوونێك کە وەك وەرزشێکی دەروونی ئەقڵی کە لە گەڕانێکی ریشەیی و سۆراخێکی پڕ مەترسی و ریسکە بەدوای هاودەنگێکدا، بەڵام کام هاودەنگ؟

هاودەنگێك کە جگەلە خودی فەیلەسوف کەسی تر نییە، واتە هاودەنگێ کە لە خودی فەیلەسوفدایە. کەواتە فەیلەسوف لە یەك کاتدا دووکەسی یەکتر تەواوکەرە: کەسێکی ئاسایی کە بەدوی هاودەنگێکدا دەگەرێت، لە هەمانکاتیشدا کەسێکی ترە کە بەخۆیدا دەچێتەوە لەرێی رەخنەو بیرکردنەوەی بەردەوامەوە، پێش ئەوەی کەسانی تر رەخنەی لێبگرن.

بەواتایەتر: فەیلەسوف ئەو پرسیارانەی لای خۆی دروستدەبن، دەیانکاتە بابەتگەلێکی تیۆری لە چێوەیەکی فەلسەفی لە دەرەوەی



بۆچوونی شەخسی خۆی. هەروەها کارکردن لەسەر ئەو تێزانەی لای خۆیشی دروستدەبن و دەبنە کێشەیەکی فەلسەفی گشتی. لە کاتێکدا فەیلەسووف بوونی خۆی وەك مرۆڤێکی پشکنەرو توێژەر لە تەنگەژەکان، دەبێت بە بەشێك لە خەریکبوون بە فەلسەفەوە.

لێرەوە فەلسەفە هونەرێکە بۆ ژیان و "مردنیش"، وەك سێنیکا دەڵێت. دەشێت فەیلەسووف ئەوە بێت کە لە هونەری ژیان و "نەمان" تێبگات. هەر بۆیە لە دوای تێپەڕبوونی چەندین سەدە بەسەر فەلسەفەدا، لە ئەمڕۆدا فەیلەسووف هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێت (لە بنەماکاندا) لەگەڵ ئەوانی پێشخۆی. لە هەمانکاتدا ئەو کەسە داهێنەرەش نابێت کە بتوانێت گەورەترین کێشەی مرۆڤگەل چارەسەر بکات و تیۆر و پرسیاری وەها دابهێنێت کە هەرگیز بیری لێنەرکرابێتەوە.

لەوانەیە فەیلەسووف ئەو کەسەش نەبێت کە خەریکی مەسەلە و کێشەگەورەو ئاڵۆزەکان بێت، بە ئەندازەی ئەوی کەسێك بێت کە فێری بچووکترین و هەستیارترین شتمان دەکات و سەرنجمان بۆ شتگەلێك رابکێشێت کە بەسەر زۆرێکدا تێپەڕیوەو جێ پرسیار نەبووە. ئەویش هونەری وردبوونەوە و تێڕامان و قوڵبوونەوەیە لە سادەترین و وردیلەترین تا گەورەترین گرفتی ژیان.

لەمڕووەوە فەلسەفە دارشتنەوەی سەرلەبەریەك و فەلسەفاندنی پرسە سەختەکانە لە چەمك و پشکنینێکی نوێدا. کەواتە فەیلەسووف خەریکی شتە بچووك و وردەکانیشە، ئەوانەی دەکەونە نێوان پەیپێبراو

نەبراوەوە، بیرلێنەکراو بیرلێکراودا. ئەگەرچی واژەی بچووك و گەورە بۆ فەیلەسووف هێندە جیاوازی نییە، جگەلەوەی تەنها دووپاژێتی (Dichotomy) کە هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە کە ئەم بچووکی یا گەورەییە مەسەلەیەك بێت بۆ توێژینەوەو دیاریکردنی پرسیار و کاری فەلسەفی، بەڵکو دەستنیشانکردنی گرنگی و بایەخیان ئامانجە. چونکە گەورەو بچووکی وەك پێوانەیەکی سادە لە فەلسەفەدا هێندە بەکارنییە وەك لە ژیانی رۆژانەدا کە شتەکان پۆلێندەکرێن بۆ دیارکردنی نرخ و بەهاکانیان.

لەلای فەیلەسووف گرنگی و بایەخ نەبەستراوەتەوە بە بچووکی و گەورەییەوە، بەڵکو گرنگی و وردیی و ئاڵۆزی شتەکانەوە. دواجار هیچ شتێك بێ بە بەراورد بە شتی بچووك بایەخی ئەوتۆو گەورەنییە، چونکە هیچ شتێك لە پێناوخۆیدا گەورە نییە بێ بەراورد بە شتی تر. واتە لە فەلەسەفەدا گەورەیی و بچووکی شتەکان بە رایەڵێك بەستراونەتەوە پێکەوە. ئەم رایەڵەش بە پلەی یەکەم پەیوەستییەکی زمانییە کە دابەشکردنی شتەکان و مەسەلەکان بۆ گەورەو بچووك ریزبەند دەکات.

لەلایەکی ترەوە ئەمڕۆ فەلەسەفە لە قۆناغێکدایە کە قۆناغی بەخۆداچوونەوەیە، واتا بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆتە فەلسەفەی فەلسەفەو کارکردن لەسەر بنەماکانی واتاو بیرکردنەوەو تێگەکانی خۆی. لەوانەیە ئەمە وەڵامێك بێت بۆچی لە ناو فەیلەسووفەکاندا کەسی بلیمەت هەڵناکەوێت کە بتوانێت کانوون، ڕێبازێکی فەلسەفیی



تایبەت دابمەزرێنێت. بۆ نموونە یەکێکی وەك "کانت" خاوەنی ئەو کارەیە کە زۆرێك لە فەلسەفەناسەکان و تا ئێستاش دەگەڕێنەوە بۆ نەریتەی ئەو و بەدواچون و کۆمێنتاری لەسەر دەنوسن.

دیارە ئەمە راستییەك دەردەخات کە پرسیارە فەلسەفییەکان زۆر دەمێکە کراون، چونکە هەر زوو ئاوەزی مرۆڤ پەییان پێبردوون. هەر لەم روەوە سەرقاڵی فەلسەفیی لە کرۆگاڵێك دەچێت کە ناوەخت و درەنگە بۆ مرۆڤی ئەمە سەردەمە! بەڵام ئەم درەنگ گەیشتنە مەنزڵی فەلسەفە هەرگیز ناوەختی نییە بۆ خودی فەیلەسووف، لەبەرئەوەی خەریکبوون بەفەلسەفەوە، خەریکبوونە بەبابەتگەلێکی هەمیشە ئامادە کە نا زەمەنییە(کە کۆن بوون و بەسەرچوون نازانێ). لێرەوە هەر کاتێك مرۆڤ دەگاتە فەلسەفە و دەیکاتە شێوازێك بۆ ژیانی، کاتی گونجاو و شیاوی خۆیەتی. گەرچی ئەم دەستپێکردنە درەنگییە لە گەیشتن بەرەوتی مێژووی فەلسەفە.

دیارە ئەم درەنگییە پاشکەوتنیشە کە مایەی ئێش و لە هەمانکاتیشدا خۆشی دەبەخشێت بە کەسێکی کورد کە نامۆ نییە لە بەرهەمی ئەقڵ و گەمە فەلسەفییەکانی مرۆڤایەتی. بەواتایەکی تر: نەتۆ یەکەمینیت و نەدواهەمین لەو زنجیرەیەدا. ئەوەی لای تۆ پرسیارە، لای زۆری تریش پرسیارلێکراوە. ئەمەش جۆرە بێباکییەك دەبەخشێت کە تۆ ئەو کەسەنیت مەتەڵ و گرێکوێرەکان لێکبدەیتەوە، بەڵکو تۆ ئەو کەسەی کە خەمی بوون پاڵت پێوەدەنێت بۆ فەلەسەفەکاری و وەڵامە دۆگماو چەقبەستووەکان سەرلەنوێ

دابڕێژیتەوە. تۆ کەسێکی لە گومان پرسیارەوە دەستپێدەکەیت. گەڕیدەیەکی بەدگومان و بێ باوەڕێت بە هەمووشتێك کەلەوەو پێش داڕێژراون و وەك بەڵگەنەویست چەسپاون.

تۆ کەسێکی کە دژ بەئەقڵێك ئیشدەکەیت کە خودی ئەقڵ و ئاوەز رەتدەکاتەوە یا ئەقڵ دەخاتە خانەی پیرۆزیی بێخەوشییەوە. دژ بە راستییەك کە هەقیقەت دەکاتە مەسەلەیەکی قسە لەسەرنەکراو. لێرەوە فەلسەفە دڵەراوکێیەکی سەیرە، پەشۆکان و پەژارەیەکی پڕئێش و بەدگومانیەکی تەواوە. دیارە چونە ناو فەلسەفە بەو مەبەستەش نییە کە تۆ لەهزر و بەرنامەتدا ئاکاری مێژوو بگۆڕیت، بەڵکو هەمیشە گۆڕینی خودی پرسیارکەر و پرسیارەکان و کێشەکانیت. واتە مەلەکردنێکی ترسناکە لە پانتاییەکی کراوەو نادیاری هزردا کە سەروبنی نییەو خنکان و تێکشکان ئەگەرێکی نزیکە.

ئەمە و چەندین ئەگەری تریش کە لە ئەنجامی خەریکبوون بە فەلسەفەوە دروستدەبن. پاشان ئەم خۆخەریککردنە گەیشتنیشە بە دۆخێکی فەلسەفی کە باوەڕنەبوون و قایلنەبوونێکی هەتاهەتایە. واتە باوەڕهێنانە بە بێباوەڕی خۆت بە وەڵامەکان، پرسیارکردنە لەبێ پرسیاری و نەپرسینی خۆت لە شتەکان. هاوکات چاونەترسانە لە ترسی خۆت و نەسڵەمینەوەیە لە بێ وەڵامیی!

بەم شێوەیە فەلسەفە باوەڕنەبوونێکی ریشەییە بەوەڵامە دۆگماو بیرلێنەکراوەکان، بەراستییەك کە هیچ کاتێ بەرهەمی پرسیار و توێژینەوە نییە. گومانکردنە لە هەموو شتێك کە گومانی لێنەکراوە.



ئیدی ئەمە پێویستییەکی لێکۆڵینەوەی فەلسەفییە. کە بە هەموو واتایەك ریسکێکی ماریفی و فەلسەفییە. هاوکات ئەو هاودەنگەیە کە فەیلەسووف بەدوایدا وێڵەو کاری بۆ دەکات. کەواتە فەلسەفاندنی پرسیار و تێزو چەمکەکان جا گەورە بن یا نا بەلای خەڵکانی ترەوە، پێویستی بەچێوەیەکی فەلسەفی و میتۆدی بیرلێکراوو پتەو هەیە، نەك کارکردنێکی رەمەکی و بیرلێنەکراوە، چونکە ئەمە زەقترین خاڵی جیاوازی نێوان فەیلەسووف و کەسانی ترە. دەکرێ زۆربەمان پرسیاری فەلسەفی هەبێت، بەڵام تاچەند برستی فەلسەفاندن و تاوتوێکردن قوڵیان هەیە؟

ئالێرەوە فەیلەسووف ئەو کەسەیە کە پەی بە شتە بچووك و وردەکان دەبات کە زۆرێك لێی بێئاگان. ئەوێك کە رۆدەچێتە نێو وردیلەترین و هەستیارترین کێشە نابەدیکراوی لای زۆرینە. هەر بۆیە فەیلەسووف هەمیشە کەمینەیەو زۆرینەیکیش هەیە کە بێئاگان لە فەلسەفە و پرسیارە هەستیارەکانی ژیان. دیارە دۆزینەوەی سەرەداوی کێشەکان و پرسیارە سەختەکان وەڵامێکی نائۆقرەن بۆ کەسی فەیلەسووف. دواجاریش ئەمە ئەو هاودەنگییەیە کە دەبێت فەیلەسووف لە خودی خۆیدا بیدۆزێتەوە پاش گەڕانێکی رسکاو!

لێرەوە دەتوانین بڵێین گەشتی فەلسەفە، گەشتی ژیانەو هەم گەشتێك بۆ تێگەیشتن خۆمان. واتە دۆزینەوەی ئەو هاودەنگ و کەسەی کە دبێتە دەنگێکی ناوخۆیی و ئاخێوەر. بەدەربڕینێکی تر، دروستکردنی گیانی هاوڕێیەتی و هاوڕێبوون لەتەك خۆماندا. پاشان

هاوڕێیەتیکردن لە تەك هەوادارانی فەلسەفەو هاومرۆڤەکاندا. ئەمەش پێمان دەڵێت کە فەلسەفە خۆی خۆشەویست دەکات لامان، کاتێك دەبێتە هاوڕێی هۆش بیر و ئاگامەندیمان، تەنانەت ڕۆدەچێتە ناخ و هزرمان. بۆیە فەلسەفە هاوڕێی مرۆڤە، چونکە مرۆڤ خۆیەتی.

## ئەنجام

لەم چەند دێرەی سەرەوەدا دەرکەوت کە فەلسەفە پێناسە هەڵناگرێت، بەڵام ئەوەش ناگەیەنێت کە زەرور نییە بۆ خوێندن و لێخوردبوونەوە. لەوانەیە پێناسەی فەلسەفە دوو هێندە لە پڕاکتیزەکردنی خۆی سەختتربێت. سەختی پێناسەکردنی فەلسەفە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە یەك دوو رستەمان نەبێت بۆ ئەوەی بڵێین فەلسەفە چییە، بەڵکو سەختگیری فەلسەفە لەوەدایە کە کایەکی بەرفرەو گشتییە و چەندین لایەنی بیرکردنەوەو ژیان دەگرێتەوە. ژیانیش بۆخۆی هێندەی بیرکردنەوە لێی ئاڵۆزەو هەڵگری چەندین جیاوازی و چەندین ناکۆکی و دژایەتییە کەوادەکات چەندین ڕێباز و چەمکی فەلسەفی بێنە ئاراوە بۆ لێکدانەوەی ئەرك و پێناسەی فەلسەفە.

ئیدی ئێمە لە مڕۆدا لەبەردەم چەندین بۆچوون و تێگەیشتندایین بۆ فەلسەفە کە ئەستەمە فەلسەفە کورتبکەینەوە بۆ تەنها یەك دوو پێناسە، یاخود داڕشتنی پێناسەیەکی گشتی کە لە ساردی و ساکاری



بەدەرنابێت. هەندێك پێیان وایە ئەم فرەجیاوازی و ناکۆکییە لە واتاو پێناسەی فەلسەفەدا، بەڵگەیەکە لەسەر ئەو واژەیەی (decadence) دێکادێنت، واتە داتەپین و داڕزانی فەلسەفە بە هۆی پەتای نیهیلیزمەوە کە چەندین سەدەیە دوچاری فەلسەفە بووەو گەیاندوویەتییە ئەم ئاقارەی ئێستا. هەر بۆیە پێیان وایە گوایا فەلسەفە لە چەرخی ئاوابوونی خۆیدایە!

بەڵام هێندێکی دیکە بە جۆرێکی تر چارەنووسی فەلسەفە دەبینین، کە زۆری و بێ ژماری وەڵامەکان بەڵگەیەکن بۆ ڕێخۆشکردنی دیدی ڕێژەگەرایی(Relativism) واتە بەهانەیەك بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بۆچوون و ڕاستیەکان ڕێژەدارن و ئیدی بەمەش ئێمە لە قۆناغی پاش فەلسەفیدا دەژین. واتە قۆناغی پاش ڕاستیی و هەقیقەت. لێرەوە ئێمەش و فەلسەفە لە سەردەمێکیتردایین کە دەبێت بۆچوونێکی تر لەسەر ژیان و مرۆڤ بێتە ئاراوە.

سەرباری ئەم بۆچوونانەش دەبێت جیاوازی و فرەیی وەڵامەکان وەك دەوڵەمەندیی فەلسەفە تێبگەین کە فەلسەفە گەرچی بوارێکی سانا و ساکار نییە، وەلێ شایەنی ئەوەیە مرۆڤ خەریکی بێت و بەدوایدا بچێت. چونکو نەبوونی پرسیاری فەلسەفی لە فەرهەنگی هەر گەلێکدا بۆخۆی گومان دەخاتە سەر ئاستی ژیری و تێگەیشتن و مرۆڤبوونیان!

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


1 – دیـاره ڤیتگنـشتاین لـه تراکتاتۆسـدا فەلـسەفەی بـەو سـەرقاڵی خەریکبوونـه ناوزەدکردووە ( L.Wittgenstein: ***Tractatus Logico-Philosophicus***. (Vert. F. Hermans, Boom 2000). چونکه بەڕای ئەو فەلـسەفه داهێنـان یـا دۆزینەوەیەکی زانستیی نییە، بەڵکو چاکییەکه، خەریبکبوونه.

2 – موسوعة لالاند بيروت، 2008، ل 980 – 981. & Woordenboek Filosofie

3- الموسوعة الفلسفية: جميل صليبا، تهران، 1385، ص16.

4- Wat is dat Filosofie: M. Heidegger: 1979, pp17-36

5- Willemse (red.) Woordenboek Filosofie; 1992, pp 154-157.

6- Wat is dat Filosofie:M. Heidegger: 1979, p17

7 – هـ. س. پ ل12.

8- الموسوعة الفلسفية: جميل صليبا، ل 16

9- ژان پۆل سارتەر: نقد *العقل الجدلي، الماركسية و الوجودية*. ترجمة، عبدالمنعم الحفني، لمركز العربي للثقافة و العلوم، ص9

10- تطور الفكر الفلسفي، ثيودور اويزرمان، ت: سمير كرم دار الطليعة–بيروت، ص42.

11- DR. G.H. Buissen, W. Vergaelen, Wat is dat Filosofie: M. Heidegger, 1979, pp17-36